وەزیری بەرگری پێشوو: حکومەتەکەی کازمی ڕێگر بوو لە چەکدارکردنی سوپای عێراق نێک چوارچێوەی هەماهەنگی

جومعە عیناد وەزیری بەرگری پێشوو ، ئەمڕۆ سەشەممە جەختیکردەوە کە حکومەتەکەی مستەفا کازمی ڕێگر بوو لە چەکدارکردنی سوپای عێراق و چوارچێوەی هەماهەنگی شیعەکان هیچ پێیوەندییەکی بەوەوە نییە . عیناد لە نوسینێکدا دەڵێت: "حکومەتی کازمی گرنگی بە چەکدارکردنی سوپای عێراق نەداوە. کەشی ڕێگریکردن لە چەکدارکردنی سوپای عێراق شتێکی نوێ نییە، چونکە لایەنی سیاسی هەیە کە پێشتر ڕێگری لە چەکدارکردنی سوپا کردووە و دواتر پشتیوانی لە حکومەتی کازمی کردووە کە ڕێگەی لە چەکدارکردنی سوپا گرتووە و دواتر کەسێک دێت و دەڵێت حکومەتی چوارچێوەی هەماهەنگی ڕێگری لە چەکدارکردنی سوپا دەکات!!